www.kurdistannet.org
29-10-2006 7:44بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بەڵێ وێنەكان لە مفاوەزاتەوەن، بەڵام دەبابە علوجەكان لە كامە مفاوەزات بوون؟؟؟ ئاسا

سەرەتا سڵاو لە هەرچی كوردە،

ئەوەی كە لە بابەتەكانی من ئاگادار بێت من بەوپەڕی توانا هەڵە و غەدرە بەرچاوەكانی حیزبە زلهێزەكانی كوردستان دەخەمە بەرچاوی خوێنەران و ئەو كەسانەی كە ئێستاش بە ئەقڵێكی زۆر سادە و ساكار بیر لەم دوو لایەنە زلهێزەی كوردستان دەكەنەوە و هەتا ئێستا جیاوازی ناكەن لە نێوان كوردایەتی و براكوژی.

هەندێك لەو هەڵانەی مامە گیانم خستە بەر چاوی ئێوەی بەڕێز كە بە بابەتێكی كاك (محەمەد سیاسی) پێنوسم هاتە نوسیین لە سەر ئەم گەندەڵانە، ئەوەی لەم باسەمدا دەمەوێت تیشكی بخەمە سەر ئەوەیە نامە و نوسراوی زۆر كەسم پێ گەیشتووە زۆرێكیان دەستخۆشین و زۆرێكیشیان هەڕەشە و فشەی سەر كاغەزن!

ئای لەم دونیایە ئەگەر قسەیەكی خۆشت بۆ لایەنێك كرد وا دەزانێ بووی بە دەنگدەری! زۆر هەڵەن قەت خودا ئەوە ناكات كە من ئەو هەڵەیە گەورەیەی هەندێك كەس دووبارە بكەمەوە كە دەف بۆ لایەك لێ بدەم و ماستاوتان بۆ بكەم و لایەكیش بە وێنە و دۆكیومێنت تاوانبار بكەم، مێژووی ئێوە زۆر لەمە پڕ خەوشترە هەی بێخەبەرینە بەڵام كە كەس پێنوسی لە سەر هەڵەكانی ئێوە و ئەوان ناجوڵێت مەڵێن خەڵك بێ ئاگایە. (هەر توانای بابەتی نوێم نەبوو لە سەر ئەم دوو حیزبە بەڵام ئەگەر هەڵەكانی ئێوەش پیشان نەدەم ئەترسم هەندێك كەس پێم بڵێن ماستاوچی)

وە زۆر هەڵە بیر لە من دەكەنەوە ئەگەر بە كەسێكی لایەنگیر بە لایەك لە من تێ بگەن چونكە هەرگیز دەستی من بە حوبری دەنگدان لە نێوان ئێوە ڕەنگدار نابێت كە سندوقێك دەنگی منی تیا هەڵبگیرێت ناودار بێ بە هاوڕێیانی بەعس، ناودار بێ بە ئەوكەسانەی كە قەت لە پارەوپولی میللەت تێر نابن، ناوداربێت بە دووبەرەكی هەتای، ناوداربێت بە دەنگدانی ڕەمزیی، ناوداربێت بە بەرزیی پلەی گەندەڵیی. جا بۆیە زۆر بە ئاشكرایی دەمەوێت ئەمە بڵێم كە هیچتان نیم و هیچیشتان نابم!!!!!!!

با لەم بابەتە كەمێك بە هەڵەكانی كاكەش دا بچین و بە چەند هەڵسەنگاندنێكی بەرچاو بزانین كە مێژووە پڕ هەڵەكەی ئەو چیە؟

لە بابەتی پێشوو هەندێك ئاماژەم بەوە كرد كە مامە هاریكار نەبووە بۆ لابردنی ئاسەواری بەعس وە لە هەمان كاتدا شایەنی باسە ئەگەر مامە هاوكاری بەرچاو نەبووە بەڵام كاكەش هاوڕێی بەردەوامی ئەوان بوو لە كاتێكدا كە ئەو هەڵانەی كە كاكە سیواقی ئەكرد بە نێوچەوانی میللەتی دەبێت ئێستاش باجی ئەمە بدات كە ڕۆژێك كۆمەك و هاوكاریت لەوانەوە بۆ دەهات و زۆربەی شتەكان بەینی خۆمان بێت واژووی بەغدایان پێوە بوو. وە لە بیر نەكەن گەنجانی سولەیمانی و دەربەندیخان و پێنجوین و ڕانیە و قەڵادزە كە خەڵتانی خوێنتان كردن بە ئاگری دەبابە علوجەكانی دوژمن و پێتان سەربەرزی بوو ئەگەر دوژمن یارمەتیدەرتان بێت بۆ لە ناوبردنی برایەكی تر، بەڵام هەردوو لا باجی هەموو ئەمانەتان دا كە جارێكی تر گەنجی ئەم میللەتە بە دەنگ و سەدایی ئێوە ئامادە نابێتەوە یەكتری بكات بە ئامانجی گوللە دۆشكە و یەكتری خەڵتانی خوێن بكاتەوە. وە ئێوە قەت بێ دڵی خۆتان نەكردووە نە لە مفاوەزات و نە لە خەباتی شاخ و نە لە ماستاوچیەتی بۆ (سید الرئیس) چونكە هەر لە خوداتان دەویست دەعوەتێكی گۆشت بەرازتان بۆ بكات تەنها سەربەعەگالێكی خورماخۆر بۆ تانی لێ بنێت، لەكاتێك دا كە زۆرێك لە ئێوە قاوە و كاپوچینەتان لەگەڵ (سید الرئیس) دا ئەخواردەوە هەر كوڕی ئەم میللەتە سینگی بە گوللەوە چوو، بۆ ئێوە كە كەستان نینۆكێكیشتان لە خوێن نەهات؟؟؟؟ كە بڵێم برینداری دوژمن بوو!

ئەگەر بە گشتی پێناسەیەكی ئەم حیزبە گەندەڵە بكەین كە (پارتی نادیموكراتی گەندەڵانی كوردستانە)، دەبوو لە جیهان مەدالیایی گەندەڵترین حیزبی ئەم گەردوونە بە یەخەی ئەم حیزبە هەڵبواسرێت، بەڵام كەسێك یان حیزبێك ئەمریكا و كابرایەكی ئەولا پاڵپشتیی بكەن كێ هەیە كە هەر بە تووڕەیش سڵاوی لێ بكات؟؟؟ چونكە بە ڕوون و ئاشكرا هەموومان دەست لە سەرسنگی ئەمریكاین و ئەمریكا خۆی بڕیاردەری چارەنووسی ئێمەیە وە هەر كەسێك لە خەت لابدات بە دەردی لوبنان ئەچێت.
بە دەستی ئەو برادەرە بوو وە بە دەنگ و دڵی ئەمریكا بوو.... .... .... ...

ئەگەر هەر لە هەولێرە بە نرخە فرۆشراوەكە دەستپێبكەین سەرتاپای ئەم هەولێرە تان و پۆ كراوە لە خانوی مەسئولە بەرتیل خۆرەكان، سەرتاپای ئەم هەولێرە شوێن نیە كە شوقە و ماركێتێكی ئەم چاوچنۆكانەی لێ ڕاست نەكرابێتەوە كە لە هەر شوێنێك بپرسی بۆ كڕینی یەك مەتر عارد لە چوار و پێنج وەرەقە كەمتر نیە (ئاوی برنجت بە سەر گەنجی فەقیر كەی دەبیتە خاوەنی كەلاوەیەك لە شاری مەسئولە گەندەڵەكان؟) . وە ئەوەی كە لەم هەولێرەدا هەبێت ئەبێت بەشێكی كاك (نێچیرڤان) ی لەگەڵ بێت جا هەر لە شوقە و ماركێت و شاری خەونەكان و دوكان و هەتا وەك من بزانم پیتزا شۆپیشی هەیە و بەنزین فرۆشی سەر جادەكانیش بەبێ مۆڵەت و تكیتی ئەو ناتوانن كە بەنزین بفرۆشن. هەولێر بڵێین و نەڵێن بۆتە خۆری ئاسۆی كورد لەم سەردەمەدا بەڵام خۆزگە كەسێك بەڕێوەبەرت دەبوو كە قەدرت بزانێ، خۆزگە كەسێك خزمەتی دەكردی كە بزانێت تۆ كێی، نەوەك كەسێك كە بە چەكی دوژمن تۆی لە برای خۆی ستاندووە (كوا جیاوازی لە نێوان ئێوە؟ جیاوازی چیە ئەگەر ئەوان لە هەولێر بژین و ئێوە لە سولەیمانی بن؟ هەردووكتان هەتا ئێستا یەك لەوەی تر گەندەڵترن) . ئەگەر بە گشتی باسی ئەو فاكتەرە كاریگەرانە بكەین كە لە پارتی دا درەوشاوەن گرنگترینیان ئەوەیە كە بۆتە هۆییەكی سەرەكی بۆ بەرزبوونەوەی پلەی گەندەڵی ئەم حیزبە لە ڕووی دارای و بزر بوونی بەشێكی زۆری داهاتی گەل. ئەویش لایەنە سەرسنوریەكانی ئەو پارچانەی كە كەوتونەتە ژێر دەستی پارتی، زاخۆ و حاجی ئۆمەران و هەموو لایەنە سەرسنوریەكانی پارتی فاكتەری بەهێزن بۆ ئەوە كە ئەم حیزبە گەندەڵە زیاتر لە ڕێگەی كادیر و مەسئولە گەندەڵەكانی بتوانێت بەشێكی تری داهاتی ئەم خاكە پیرۆزە قووت بدات بێ ئەوەی كە كەس بزانێت كێوە دەچێت و بێ ئەوەی كەس بزانێت لە گیرفانی كامە حەرامزادەی سەرانی ئەم حیزبە هەڵدەگیرێت كە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت زۆرێكمان هەن لەو خێزانانەی كە بە مانگ داهاتی دوو كیلۆ گۆشتیان نیە لە هەمان كاتدا ئەوە بەبیر خۆتان بێننەوە كە مەسئولمان هەیە لە ماڵی خۆی هەر نان ناخوات لە بەر شیراتۆن و خانزادی ملیۆنێرەكان. ئەگەر لە باسەكەم دوورتان نەخەمەوە و بێینەوە سەر خاڵە سنوریەكانی ئەو ناوچانەی كە لە ژێر دەستی پارتی گەندەڵانی كوردستان دان: لە هەر خاڵێكی سەرسنوور دانراوێكی مەسئولێك لەوێیە، جا یان بە سمێڵە قەیتانیەكانی كاك (فازڵ میرانی) دەنازێت یان خزمی خەزووری (كەریم سنجاری) یە یان (بڤە) یە و كەس ناوێریت هەر بڵێ (مالێ تە لكیرێیە) و لە مەسیف ئیمەیل كراوە! لە وەتی هەم خۆزگەم دەخواست هەر سواری مۆنیكا بم لەو كاتەی دا كە مەسئولی وام دیوە لە مانگێكدا هەر تاقەتی ئەوەی نیە كە تەنها بە یەك مۆنیكا سەفەر بكات! ئەگەر نەیگۆرێت. بەڵام لە خودا بە زیاد بێ هەر سواری نەبووم، چونكە لە سەر سنور كار ناكەم وە بۆنی مەسئولەكانی لێ دێت ناتوانم بژیم لە ناوی.
زۆر بابەت و ڕەهەندی جیاواز خۆیان پیشان دەدەن لە باسەكەمدا.
بەڵام ئەوەی كە دەمێنێتەوە ئەوەیە نازانم كاك محەمد سیاسی بۆ كێ خۆی سەرقاڵ كردووە و پێدەچێت هەر لە كوردستان نەژیابێت، وە چاوەكەم ئەگەر ناوی منت نەبیستوە هیوادام كە لە ئایندە بزانی كە ئەمەش یەكێكە لە ناوەكانی ئێستا وە هیوادارم كە من بە هیچ لایەنێكی تر لە قەڵەم نەدەیت چونكە زۆر لە تۆ دڵسۆزترم بۆ ئەم گەلە كە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەم دوو حیزبەی كە تۆ پێیانی دەنازی

نەیانتوانیوە لە سەر چەند وەزارەتێك پێك بێن نەیانتوانیوە جادە و ڕێگاوبان بۆ خەڵكیان دابین بكەن، نەیانتوانیوە هەتا ئێستا كارەبا بۆ خەڵك دابین بكەن، دەیان و سەدان عیمارە و شوقەی جیهانی و سەیارەی كە لە ماركێتی ئەوروپا نەهاتۆتە بەرچاو لە ژێریانە من لێرەوە بیر لە وە دەكەمەوە كە تۆش لەوانە بیت كە من بابەتم لە سەر نوسیون !!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!

(براتان ئاسا) (چاوەكەم ئەگەر بە ناوی خۆم بابەتت بۆ نەنوسم دەیان ئەحمەد و محەمەد و ئازاد و، ، ، ، ، ، ، هتد، ، ، ، ، یمان هەیە ئەوانت بۆ دەنوسم و ئیمەیلێكت لە سەر ناوی ئەوان بۆ چاك دەكەم كەمێك بیرمەند تر بە!!!! نەك تاریكی بكەیت بە ئامانجی گوللەكان (وە وێنەیەكت ناردووە من لەو باوەڕەم كە ئێستا ئەگەر منت دەست كەوێ بە دەردی قوربانیانی شێخ زانام دەبەیت كەمێك كوردانە تر كەمێك برایانەتر و ئەگەر هیچ پێشنیارێكت هەیە لە سەر ئەم بابەتەشم بەسەر هەردوو چاو وەری دەگرم بەڵآم خەڵك لە هەسارەیی نوێ دەسورێنەوە من هێشتا تێر لە بەر تەلەفزیون دا نەنیشتووم لە بەر كارەبایی كەم! كەچی وەك بزانم هێشتا لە هەڵەی سەركردە و مەسولەكانمان تێ نەگەیشتووی؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟